**Kurdiska socialdemokratiska**

**föreningen i Göteborg**

**کۆمەڵەی سۆسیالدێموکراتی**

**کوردی لە یۆتەبۆری**

# Verksamhetsberättelse

# ڕاپۆرتی چالاکییەکان

# 2015

## کۆمیتەی کارگێڕ

| | | |
|---|---|---|
| هەوری قارەمان | سەرۆک | ١ ساڵ |
| ڕێگر دۆسکی | جێگری سەرۆک | کۆتایی |
| جاهیدە سالح | ئەندامی ئاسایی | ١ ساڵ |
| سالح شەرەفی | ئەندامی ئاسایی | کۆتایی |
| محمد ئەرتەکین | بەرپرسی دارایی | کۆتایی |
| هیوا جاف | ئەندامی ئاسایی | ١ ساڵ |
| زانا عزیز | ئەندامی یەدەک | کۆتایی |
| مهاباد محمد | ئەندامی یەدەک | کۆتایی |
| شیرین کارۆ | ئەندامی یەدەک | کۆتایی |

## چاودێران

کایل شامحمد، نەجات فەرزا و رزگار فرج

## دەستەی هەڵبژاردن

شادیە حیدری، فریق محمود، ئەبو مورادی و رووبار دەلێنی.

## نوێنەرایەتیی کۆنفرانسەکانی حیزب لە یۆتەبۆری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندامانی ئاسایی | محمد ئەرتەکین | نەجات فەرزا | هەوری قارەمان |
| ئەندامانی جێگر | شادیە حیدری | ڕێگر شەفیق | کامیل شامحمد |

## کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی کارگێڕ

کۆمیتەی کارگێڕ لە ماوەی ساڵی ٢٠١٥ دا ٦ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامداوە.

## کۆنگرەی ساڵانە ٢٠١٥

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ ی فێبروەری کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەکەمان بەسترا. نوێنەری پارتە کوردیەکان بانگهێشتکرابوون وەک میوان .ئولف بوستروێم، لە لایەن پۆلیسەوە بەشداری کرد بە وتارێک سەبارەت بەکاری پۆلیس لە کۆمەڵگادا، ئارامی و هەڕەشەکان، هەروەها ڕۆڵی بزوتنەوە جەماوەریەکان. بابەتەکە سەرنجڕاکێش بوو، وە پرسیاری زۆری لەلای ئامادەبووان دروستکرد.





**کۆبوونەوەی ئەندامان 28 ی مارس**



لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 28 ی مارسی 2015، کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکەمان ڕێکخرا. بابەتی سەرەکیی کۆبوونەوەکە بریتیی بوو لە ڕەوشی سیاسیی ئێستای حیزب و ڕۆڵی کۆمەلەکەمان. هەڤالانی ئامادە، بە پرسیارو ڕوونکردنەوەکانیان وتووێژەکەیان دەوڵەمەندکرد. لە پاشدا پلانی چالاکیەکانی کۆمەڵەکەمان تاووتوێکرا. کۆبوونەوەکە لە هۆڵیABC لە یەلبۆ بەسترا، و ١٣ ئەندام ئامادەبوو .

**خەڵاتکردنی ئەندامانمان لە لایەن حیزبەوە**



ژمارەیەک لە ئەندامەکانی کۆمەڵەکەمان لە کۆنگرەی یۆتەبۆریی 19 ی ئەپریلی 2015 لەلایەن بەشی یۆتەبۆری حیزبەوە خەڵاتکران بۆ چالاکیان .

**یەکی مای 2015**




ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بەشداریان کرد لە خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ساڵی 2015 ی سۆسیالدێموکرات لە یۆتەبۆری، بە پارۆڵو دروشمی خۆیانەوە. ڕێپێوانەکە بەرەرەو یۆتەپلاتسن بەڕێوەچو. وەزیری دەرەوەی سوید بەڕێز مارگۆت ڤالستروێم بەشداریکرد بە وتارێک. ٦٠٠٠ کەس ئامادەبوون.

**یادی 40ساڵەی دامەزراندنی ی ن ک**



شاندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بەشدایان کرد لە ئاهەنگی ٤٠ ساڵەی ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یۆتەبۆری ٧ ی یونی ٢٠١٥ .شایانی باسە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بەدەستەخوشکی حیزبمان ئەژمار ئەکرێ، هەردوو لە سۆسیالیست ئینتەرناسیونالدان.

**مانیڤێستی "پەنابەر بەخێ بێیت"**

لە مانیفێستێکی مەزندا پترلە ١٠ ٠٠٠ کەس لە شاری یۆتەبۆری کۆبووەوە لەژێر ناوی " پەنابەر، بەخێربێیت" لەڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 9 ی سێپتەمبەر لە یۆتەپلاتسن، بە مەبستی نیشاندانی سۆز بۆ ئەو پەنابەرانەی کە لە دەست ستەم و جەنگ هەڵهاتوون و ڕێیان بریوەتەبەر بۆ ئەوروپا. دەیەها ڕێکخراوی مەدەنی و سیاسی بە کورتترین ماوە، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاری و بەشداریان لەم مانیفێستەدا. دەیان کەسایەتیی ناسراوی سیاسی و ڕێکخراوەیی وتاریان خوێندەوە، وەک مۆنا سالین و گوستاف فریدۆلین و بیرگیتتا ئولسۆن. ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بەشداری مانیفێستەکایان کرد.






## کۆبوونەوەی ئەندامان ٤ ئۆکتۆبەر



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 4 ی ئۆکتۆبەری 2015، کۆبوونەوەی ئاسایی ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بەسترا. لە کۆبوونەوەکەدا راپۆرتی چالاکیەکانی ئەمساڵ خوێنرایەوە. ئەندام پارلەمان شادیە حیدری راپۆرتێکی دا سەبارەت بەشەکانی کوردستان لە ڕوانگەی ئەو گەشتانەی لە ماوەی ڕابووردوودا کردوویتی بۆ ناوچەکە. هەروەها راپۆرت سەبارەت بە ڕەوشی حیزب و بودجەی ئەمساڵ. بابەتەکان هەندێ پرسیاری لای ئەندامان ورووژان کە وتووێژێکی بەسوودی دروستکرد. هەروەها کۆمەڵەکەمان بڕیاری لە سەر پێشنیاری خۆیدا بۆ جێگەی سەرۆکی شارەوانیی یۆتەبۆری. خاتو ئەنەلیی هولتێن کە ئێستا سەرۆکە،بڕیاری دەستکێشانەوەی داوە لە سەری ساڵەوە. کۆبوونەوەکە لە فۆلکێتس هیوسی هاممەرکوللەن بەرێوەچوو بە ئامادەبوونی ١٧ ئەندام .

## مەحکومکردنی کارە تیرۆریستیەکەی ئەنکەرە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 10 ئۆکتۆبەری 2015، لەکاتێکدا، هەزاران ئاشتیخواز لە خۆپیشاندانێکدا لە ئەنکەرە، بەشداربوون، کارێکی تێرۆریستی ئەنجامدرا، لە دوو بۆمب تەقینەوەدا، بە سەدان کەس شەهید و بریندار بوون. مانیفێستی ئاشتی لە لایەن پارتی دیموکراتیی گەلانی تورکیا (هە دە پە) وە ئەم ئاکسیۆنە سازکرابوو، واتە چالاکڤانی ئەو پارتە کرانە ئامانج. ئێمە وەک کۆمەڵەی سۆسیالدێموکراتی کوردی لە یۆتەبۆری دەنگ ئەخەینە پاڵ دەنگی حیزبمان، وە هەموو ئەو لایەنانەی کە پشتگیری لە ئاشتی و دیموکراتی ئەکەن، وە ئەم کارە تیرۆریدتیە مەحکوم ئەکەین. داوا لە لایەن پەیوەندیدارەکانی ناو حکومەتی تورکی ئەکەین، کە تێکڕای تاوانباران دەستگیر بکەن و ڕادەستی دادگا بکرێ. کۆمەڵەکەمان بەئەرکی خۆی ئەزانێ و پشتگریی هەدەپە ئەکەین لە کەمپاینییدا بۆ ئاشتیو دیموکراتی.

## چالاکی بۆ پشتگیریی هەدەپە

بۆ پشتگیریی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتیی گەلانی تورکیا، بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی تورکیا 1 نۆڤەمبەر، کۆمەڵە کوردیەکانی شاری یۆتەبۆری چالاکیەکیان ساز کرد، تیایدا کۆمەڵەکەمان چالاکانە هاوکاریان کرد، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ .پارتە سویدیەکان و کۆمەلە کوردیەن بۆ چالاکیەکە بانگهێشتکرابوون. سەرۆکی کۆمەڵەکەمان،بەڕێز هەوری قارەمان وتاری کۆمەڵەکوردیەکانی خوێندەوە. هەروەها بەڕێز شادیە حەیدەری وەک نمایندەی پارتی سۆسیالدیومکراتی سویدی وتاری خوێندەوەو تیایدا گرینگیی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو پەیوەندیەکانی پارتیمانی کرد لە گەڵ پارتی دیموکراتیی گەلان وەک پارتێکی دەستەخوشک. هەروەها لەم چالاکیەیەدا بەڕێز دکتۆر نەبی فەتاحی) مامۆستای زانکۆی یۆتەبۆری، بەشی پزیشکی) باسێکی سەرنجڕاکێشی باسکرد سەبارەت بە هەڵبژاردن وکاریگەریی دەوروبەر تاکەکەس وەک هەڵبژێر. چالاکیەکە لە قوتابخانەی هاممەرکوللـەن بەڕێوەچوو، نزیکەی ٦٠ کەس بەشداریی کرد.








**خوانی کریسمس و ساڵی نوێ**

ڕۆژی هەینی 11 دیسامبەری 2015، کۆمەلەکەمان خوانێکی ساز کرد بۆ ئەندامەکانی بەبۆنەی هاتنی کریسمس و کۆتایی ساڵی 2015. ئەندامان و خێزانەکانیان بانگهێشتکرابوون. لە کەشێکی هاوڕێیانەدا ئێوارەیەکی خۆشیان بەسەربرد بە خواردنی کوردیەوە.





| | | |
|---|---|---|
| .................................... | .................................... | .................................... |
| هەوری قارەمان | ڕێگر دۆسکی | محمد ئەرتەکین |
| .................................... | .................................... | .................................... |
| سالح شەرەفی | جاهیدە سالح | هیوا جاف |
| .................................... | .................................... | .................................... |
| شیرین کارۆ | زانا عەزیز | مهاباد محمد |